# دارستان لە دڵی بەرد دا.



**فەهد گردەوانی**

سەرەتای ژیانم
لە سووتانی دارستاندا
دەست پێدە کات و
لە وەستانی دڵی بەرد دا
کۆتایی پێدێت
لە هەردوکیان
روناکی بۆ چاوە کانم دە دزم
تا بتوانم جوانیت لە دڵمدا
بنە خشێنم

عیشقم رە شماڵێکە
بۆ لاوانی وڵاتە کە م
ئە گە ر بێت و تێدا بحە سێنە وە
عیشقمان گومانی کە سانێکە
هە ر لە زمانی تە ور و دار
شیر و گە ردە ن
چە قۆ و زمان
شارە زان

سە رە تای لە دایک بوونی
سە ردە مێکە هە ر لە وە رزی رە شە با دا
دە بێتە هاوسە ری بیابان

هە ور لە خوێنم دە گە ڕێ
هە تا بە تۆ دە گە م
بە رە و خاکێک ئاوارە م
بارانی لێدزراوە
رۆژانە هە ست بە هە رە س دە کات

ناکرێ عیشق لە دڵمدا بدۆزیە وە
ئە گە ر دە نگت دە رنە چێ
ئازارە کان لە بە هە شتی مرۆڤایە تی دە حە سێتە وە
شە وانە خە ون بە جوانی تۆ دە بینێ
کە چی وێنە ی کە لاوە ی گوندە کان
لاشە ی منداڵە کانی سە ر شۆستە کان

هه مان یادگاری شه وانه یه و
به خه ویش لێی ده رناچێ
یادگاره کان له گه ڵ پرخه و هه ناسه دا
خۆیان له گه رده نم ده ئاڵێنن
هه رچی بکه م ، لێم دوور ناکه ونه وه
ئێستاکه نازانم من به ردم
یان دارستانی سووتاو

له وه رزێکدا وڵاته که م
چاره نووسی ئه نفاڵه
له وه رزێکدا کیمیا بارانه
له ساڵێکدا کۆڕه وه
له مانگێکدا شه ڕی ناوخۆیه
له رۆژێکدا ئاشتیه کی سه قه ته
له هه موو ساتێکدا هه وڵدانه
بۆ سرینه وه ی ناوت
ئه ی وڵاته که م
داستانی تۆ چه ند به ئازاره

بۆ ئه و که سه ی هه ر له رێگادا
ده ڕوا و نازانی هه واری ئاینده ی
له کامه شوێنی جیهاندا ده گیرسێته وه
به بێ هۆ له دڵی به رد دا ده گه ڕێ و
له دڵی دارستاندا به من پێده که نێ
بۆ هه ردوکیان ده مێکه
گۆڕێکم به رادان داوه
له ترسی خۆم
به هێمنی جارێکی تر
ساماڵ له خوێنم ده گه ڕێ
شێوه ی تۆ نادۆزمه وه
له گه ڵ ماسیه کان گه رای داناوه
هه تا له به ر چاوان وون ده بی
ناته وێ له باوه شی مندا بخه وی
بگه ڕێوه ئه مجاره یان شار هێمنه و
شۆسته کانیش لاشه ی مرۆڤ راناگرن

جاران به هێمنی
له ده رگای دڵت ده هاتمه ژووره وه
هه ر به هێمنی له گه ڵ هه ناسه ی گه رمتدا
داستانی شه وانه م ده خوێنده وه
تا چاوه کانت خه و ده یبرده وه
له گه ڵ ترپه ی دڵتدا
هێزێکی روحیش له مندا
سه ر له نوێ ده بوژایه وه

تۆ منداڵانه له سه ر پشتی بروسکه ده خه وتی
منیش وه کو جاران
دوو ئه سپم بۆ زین ده کردی
که زیه کانت له گه رده نی ئه سپه کان ده ئاڵاندو
به سه ر هه ور و له پشتی باراندا
له گه ڵ ئه ستێره کان
به یه کتر ده گه یشتین

له شه وێکی هاویندا
له شاره وێران کراوه که ی بناری شاخدا

ده هاتینه خوارێ
گۆڕه کانمان ماچ ده کرد
له گه ڵ گه رده لووله جارێکی تر خۆمان ده پێچایه وه
له ده شتێکی مردوو دا
سه مامان ده کرد
گوناحمان ده شووشته وه
تێر تێر یه کترمان بۆن ده کرد

ئه مڕۆ من وه کو وڵاته که م پیرم
من له راپه ڕینی یه که مدا کۆچم کرد و
له شۆڕشی یه که مدا برینداركراوم
برینه كان تاكو ئه مڕۆ جێگایان دیاره
من وه کو ئه و منداڵه م
به بێ باوک
دوور له باوه شی دایکی
گه وره ده بێ
من کتێبی عه شقم
هیچم ناوێ
ته نها له وڵاته که م له گه ڵ تۆ دا
سه یری یه کتر بکه ین
لێم گه ڕێ با ئه و جاره ش
له ده رگای شه وتدا
بێمه ژووری و لێوه كانت بمژم
مه ترسه ، ئه مجاره یان به هار به خۆمان داده ده ین و
ناهێڵین بێنه ژووره وه
لێم گه ڕێ ته نها ئه مشه و
به یانی ده ڕۆم و توڕه یی له خۆمدا ده ڕوێنم
هه رچی ئازار و خه م و ره شپۆشیه
له دورگه ی ئاسماندا توڕده ده م
وڵاته که م راده هێنم
جۆلانه بێت بۆ خۆشه ویستی و پێکه نین
جێگای ژوانی بێت بۆ مرۆڤایه تی
له و سه رده مه تازه یه
با پێکه‌وه
قفڵی ده رگاکان بشکێنین
با پێکه وه له دڵی به رد دا بخه وین .

٢/٧/٢٠٠٠ - ٢/١/٢٠٠٠